# حاكم قادرو وەڵامێكی پۆلیسانە ... كونجرینی



من كاك حاكم قادر باش ئەناسم لە نزیكەوە، وەدیارە بەهۆی شۆرش و پێشمەرگایەتییەوە، ئاشنا بووم بەهەندێك لەكەس و كارەكەی، بۆیە دەكرێت من بتوانم وەڵامێكی سەرپێیانەم نەبێت بۆ كاك حاكم قادر، بەڵكوو لەو ڕوانگەوە بدوێم، كەڕاستیەكان نەشەوێنم و ڕێز، بكەم پێشەكی ووتەكانم. پێویستە بوترێت، هەندێك لەو نوسەرانەی كە ڕۆژانە بەچاوی ڕەخنەوە دەڕواننە، لێپرساوانی دەسەڵاتی كوردستان، بەتایبەتی حاكم قادر، ، بێ هۆ نیە، وەنوسەر لەخۆوە قەڵەمەكەی هارنەبووە بەبێ بنەماو بەڵگەیەك بكەوێتە نوسین، هەموو بنەمایەكی نا یاسایی و هەموو فێڵێك، هەمووڕەفتارێكی ناشیرینی لێپرساوان، دەبێت خودی لێپرساوەكە چاوەڕوانی گلەیی و گازندەبێت، وەبەچاوی لێبوردنەوە وەڵامی ڕایی گشتی و وەڵامێكی شایستە و گونجاو بداتەوە، نەك بەڕامبەرەكەی بروشێنێت، بەڵكوو حساب بۆ دەیان سەرنج و توانجی پاش ووتەكەی یا وەڵامەكەی، بكات، من ناڵێم ئەونوسەرانەی كەشت ئەنوسن، هەموویان ڕاستگۆن، خەڵكی پاشڵ پاكن، بەڵام وەڵامی خەڵكی لێپرساو جیایە لە خەڵكی تر.

من زۆر لەو نوسینانەی كە هەندێك خەڵك نوسیبویان خوێندوومەتەوە، كە هەندێكیان بێ مستەوان، بەڵام چاوەڕێی وەڵامێكی زۆر حەكیمانەم لە بەڕێز حاكم قادر ئەكرد، بەڵام نەمزانی ئەم بەڕێزە، ئەوەندە وەڵامەكەی ناجۆرە لەیەكێكی، كەم خوێنەوار، دوورە دەست لە پێگەو لێپرساویی، نەشارەزا لەوەڵامدانەوەی دیبلۆماسیانە، بێ ئاگا لە بەسەرچوونی دەورانی شۆرش و هاتنی دەسەڵاتێكی نوێ ،' من بەداخەوە دەڵێم، لە بەڕێز كاك حاكم قادرم ڕانەئەبینی، هێندە وەڵامەكەی سەرنجی من و دەیانی وەك من بۆ لای خۆی بە نێگەتیڤانە ڕابكێشێت، وە ئەو ئاگاییەی كە ئێمە هەمان بوو لەتوانای كاك حاكم قادر، بەم نوسینە ڕامان بچلەكێین.

پێگەی سەرۆكایەتی شارەوانی هێندە ناسكە، پچوكترین هەڵە، تا، گەورە، ناشاردرێتەوە، لەلایەن خەڵكیشەوە لەبەرچاو وون نابێت، حاكم قادر دەیەوێت، هەڵەكانی خۆیی و چواردەورەكەی، بەتورە بوون و ڕەكلەم كردن بۆ خۆیی و خێزانەكەی پەردەپۆش بكات، بەڵام نازانێت، ئەوسەردەم شۆرشگێریەی ئەو باسی دەكات، بەپێگەیەكی گەیاندووو ئامەنتی گەلێكی پێبەخشیوەو ئەوئێستا غەدر لە كۆمەڵگایەك دەكات و دەیبەخشێت بەخۆیی و چواردەورەكەی'. كاك حاكم قادر لە نوسینێكیدا كەبەناوی، (نوسەری بابەتەكە خائینە) كەوەڵامی بەناو مەحوی ناوێكی داوەتەوە، ئەگەر چی مەحوی ناوەكە، من نوسینەكانیم خوێندۆتەوە، لەنوسینی نوسەرێكی بێ هێز دەچێت، بەڵام بەداخەوە كاك حاكم قادر، بەزمانێك جوابی داوەتەوە، كە زمانی سەردەم نیەو لەئاست پلەو پایەو پێگەی ئەودانیە، لەدنیادا كەیەكێك قسەدەكات دەتوانیت گرانی و كەم سەنگی قسەكانی هەڵبسەنگێنرێت، زمانی سیاسی و دیبلۆماسی، زمانی هەڕەشەوشەر، زمانی ئەدەبی و

ڕۆشنبیری، زمانی کۆڵان و ناوبازاڕ، ئەم هەموو زمانانە بەپێ ی کەسێتی و پێگەی ئەو کەسەی تیایدایە، یا توانای، کەسەکە دەیگۆڕێت. حاکم قادر لەپێگەیەکدانیە، خەڵکی شاری سلێمانی هەم کەس وکاری، هەم خودی خۆیان، هەڵنەسەنگاندبێت، وە لەڕەفتارو سەرمایەی نەزانرێت، لەئێستاو ڕابردوودا، کاک حاکم نوسیویەتی (وەك پێشمەرگەیەکیش، هەمیشە بێ منەتی خۆم ڕاگەیاندووە و ڕایدەگەیەنم کەئەوانەی دزی دەکەن وبەرتیل خۆرن، کورسی و مێزو دەسەڵات بۆ خۆیان و کەسوکاریان و بەرژەوەندی بەکاردێنن، بەکەسانی خائن و بێ ڕەوشتیان دەزانم) ئەگەرچی کاک حاکم قادر ئەم نوسینەی هێندە شۆڕشگێرانە هاتۆتە جواب وەك ئەوە وایە ئەم ئێستا هەر لەشاخ بێت و بەرامبەرەکەی لەباوەشی دوژمنان، وەنامەکەی دورە لەوەی کە بخرێتە سەر پەڕەی سایتێك، وەشایستەی ئەوە بێت خەڵکی تر بیخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نامەکە، هیچ نمویەکی مرۆڤێکی خاوەن پێگەو پایەی سەرۆکی شارەوانی پێوە نیە، کەدەبێت بەزمانێك شارستانی و دیبلۆماسی و هێمنانە، وەڵام باتەوە. . .
کاک حاکم ئەوکەسانەی بازرگانی بە موڵکی گشتی یەوەدەکەن، دەڵێت (کەسانی خائین و بێ ڕەوشتتن) بەڵام من پرسارێك لە کاک حاکم دەکەم، گەندەڵی کارێکە نەك خائینە بەڵکوو تیرۆری کۆمەڵگایەك دەکات، ئەو ئێستا لێپرساوی بەشێکی زۆری ئەوکەسانەیە کە دەستیان خستۆتە بنەقاقای خەڵکەوە، بێ گومان کاك حاکم بەرپرسێتی و لەبن باڵی ئەودا سەروەتی خەڵك بەتاڵان دەبەن. من دەمەوێت کاك حاکم وەڵامم بداتەوە خەزورەکەی کەناوی وەستا تۆفیقە خۆ لەپاش ڕاپەڕین خاوەن تەکسی بوو نەك کارگەو کارخانە، براکەی تۆ کاك سلێمان پۆلیسی ئیجرام بوو ئێستا خاوەن چەندە، ، بەڕێزت زۆر زۆر بەخۆتەوە ئەنازیت و خۆت ئەنرخێنیت، وەرە با ئەوجیاوازیانە بخەینە سەر شانۆ کە لەنێوان پێشمەرگەیەکی پلەو پایەی خوارەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی پلە بەرزی، وەك بەڕێزت، چ پێشمەرگەیەکت بینی وە، کە، لە سەروەت و پارەی گەلی، لەبەدستا نەبوبێت، واتە ئەو پێشمەرگانەی کە لەشوێنە بەرزەکانی حکومەتدا نین، کەس وخێزانیان نەك خاوەن کارگەنین بەڵکوو، خودی پێشمەرگەکە یا بنێشت فرۆشە یا پارەیەکی کەمی پێ یە کە زۆر زەحمەت بژێوی ژیانی خۆیی پەیدا بکات، نەك کەس و کارەکەی، برۆ سەرێك لە دەرگای دەبۆکە بدە ڕووبەڕووی بازاڕی زێوەر، بزانە بنێشت فرۆشێك لەوێ بەقاچێکەوە بنێشت نافرۆشێت، کەچویت پرسیاری لێ بکە و بیدوێنە بەڵام شەرم مەکە، لێ بپرسە، بەڵام بەزمانی تووند نا، بڵێ ڕاستە تۆ لەپارتی زانیدا قاچێکت داناوەو ئێمە ئێستا نرخت نازانین. .
بەڕێزت باس لەوە دەکەیت کە دەڵێیت، شارەوانی سلێمانی ملکوو ماڵی کەسی داگیر نەکردووە، ئەی ئەو شوێنەی کە ئێستا شارەوانی تیایە، ملکی کێ یە، ملکی کاك ئەحمەد مەلا قادر نیە، هەرناوێرێ باسی بکات، قوور بەسەری، باسکردن واتە لەدەست دانی ژیانی، ئەی ئەوە نیە کاك هاشم دەیان دۆنم ملکی ماڵی کاك ئەنوەر کەئێستا لە وولاتی سویسرا دانیشتووە، پێشمەرگەی کۆنەو وەك تۆ تەسلیم نەبۆتەوە، داگیریان کردووە، لەباتی ئەوەی تەقاعدی بۆ ببڕنەوەو پارچەیەك زەوی بدەنێ زەوی ماڵی باوکی داگیر ئەکەن. . .
من نامەوێ لەوە زیاتر باس بکەم، کەباس لەکەم کرا زۆرینە خۆی دەکەوێتە زمان، من هیچ کاتێك ئامادەنیم باسی کارە ناکوردانەکانی پارتی بکەم، ئامادەنیم باس لەکۆشك و تەلاری ماڵی بارزانیەکانی سەردەستە بکەم لەو هەموو سەرپێچی یەی کە لێپرساوانی پارتی دەیکات کە سەد بەرابەری یەکێتی، من باسی گلاس و پەرداخی ئاڵتوونی ماڵی نێچیرڤان ناکەم، ئامادەنیم، من بەو چاوەوە بڕوانمە یەکێتی، کە خۆم تەمەنێکی زۆرم لە ڕێیدا

بەخشیوەو، ئامانجی هەموولایەك خزمەتكردن و ڕازیبوونی خەڵك بووە لە كارەكانماندا، نەك تۆمەتبارکردن، بەشتی خراپ، لەگەڵ گەندەڵی. پارتی نەمابوو بەڵام كارەكانی تۆوو، دەیانی وەك تۆ كەئێستا دەسەڵاتدارن پارتیان کردە شەریکە بەشی یەكێتی، هیوادارم بەو زمانە نەیەیتە وەڵام كەلەمەو پێش لەبەرامبەر خەڵكی تر بەكارت هێناوە، چونكە منیش وەك تۆ پێشمەرگە بووم و تەسلیم نەبوومەتەوەو بەڵام جیاوازی من و تۆ لەوەدایە، من پەنابەرێكی وولاتی سویسرام و خاوەن یەك بست زەوی نیم لە كوردستان، كە لەلایەن حكومەتی كوردستانەوەپێم بەخشرابێت، وەكەس و كارەكەم نەك پاداش نەكراوون، بەڵكوو خەدریشیان لێكراوە..

کونجـــــــرینی
08. نۆڤەمبەر. 2005
Kuncrini@yahoo. de